گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی شوێنەوار لە ژێر ڕۆشنایی یاسایی ژمارە 55 سالی 2002

**ئاراس اسماعیل خضر**

بەشی شوێنەوە, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین، هەلێر، هەرێمی کوردستان، عیراق

aras.khider@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٠/٩/٢٣
**پەسەندکردن:** ٢٠٢٠/١١/٥
**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**

Law, Archaeology, Habits, Security Council, Justice

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.5.4.12

## پوختە

ئەوەی دێتە بەر باسکردن و گرنگی دەدات بە بابەتە نەتەوەییەکان لە دامەزراوە جۆراو جۆرە فەرمی و نافەرمیەکان " هەریەکێك لە ئێمە لەم دامەزراوانە ڕۆڵێ ئەرێنی و نەرێنی دەبینێ لە سەر پرۆسەی پارێزگاری کردن شوناسی نەتەوە . بەو پێیەی ژیانی مرۆڤەکان بەندە بە بوونی ئاسایشی نەتەوەییەوە بەمانا فراوانیەکەیی کە دەبنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ وەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەی و دوور خستنەوەی ئەو هەرەشانەی کە پشێوی و شلەژان و داڕووخانی کۆمەڵگە و سنوری جوگرافی نەتەوەیەك کە چارەنووسی نادیارە و دەکرێت بە چەند ڕەهەندێکی زانستی دیاری بکرێت،. هەوڵمانداوە چەند توێژینەوەیەك بەدەست بهێنین، بەڵام لەبەر ئەوەی توێژینەوەی پێشوو لەسەر شوناس دەزگای ئەمنی و ئەنجومەنی ئاسایش نەکراوە و بۆیە زیاتر ئەم توێژینەوانە دەخەینە بەرباس کە لەناونیشانی نامەی ماستەرەکان نزیك بێت و باسیان لێوەبکەین. لەسەرەتادا باسی نەتەوە کراوە لە پێگەیاندینی سێکتەرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ئەم پرسەش بووە تاکە فاکتەری بەدەست هێنان و گەران بە دوای شوناسی نەتەوەیی و دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی " تا ئێستا یاسایەکی ناسێندراوی کوردی نیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی دەرباز

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکات لەو مەترسیەی کە بەرۆکی شوناسی نەتەوەیی کوردی گرتووە وەك (لادانی ڕەفتاری هەست کردن بە شوناسی شارستانی، لێکترازانی سنوری جوگرافی کوردستان لە ناوەخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە ناوچوونی شارستانیەتی چەندین هەزراەی ساڵەی مێژووی تۆمارکراوی کوردستان لە نێوان واقیع و دەستنووس و تابلۆ شوێنەواریەکانی کە هێشتا بە زیندوو لە ژێر خاك ماونەتەوە).

## 1. پێشەکی:

یەکێك لە بنەچەکانی پاراستنی شوینەوار هەریمی کوردستان، کە زۆربەی کات وڵاتانی زلهێز دێنە دەنگ لەسەر شوناس و شوینەوارەکانیان کە تەنها بە شێوەیەك لە شێوەکان قەوارەیەکی ستراتیجی و سنوری جوگرافی بۆ خۆیان نەتەوەکەیان دروست دەکەن " کە ئەوەش وای کرد کە گەلی کورد بە خۆی دابچیتەوە بۆ داکۆکی کردن لە شوناسی کەلتوور و شوینەوارەکەی وەك حکومەتێکی خۆجێی و لە چوار چێوەی حکومەتێك و پەرلەمانێك بەرێوەبەری خودی خۆی بێت. تەنانەت پەرلەمانی کوردستان وای کردووە لە و سەروبەندەی ئێستا لە رێگای چەند دامەزراوەیەکی فەرمی دەیانەێت یاسایەك تێرو تەسەل بۆ چۆنیەت پاراستنی شوێنەوار و شوێنەوارناسان ناوچە شوێنەواریبە گەشتیارییەکان ساز بکەن کە ئەوەش وای کردووە چەندیەتی و چۆنیەت پاراستنی شوێنەوار چۆن و کەی بکرێت ؟

یاسای پاراستنی شوێنەواری پەیوەستە بە هۆشیاری دام و دەزگا و تاکی کورد لە هەر هەرەشەیەکی دەرەکی کە بۆ سەر خاکی کوردستان دروست دەبێت ، ئینجا خۆرسك بێت یان دەستکرد بۆ سرینەوەی ناسنامە و شارستانیەتی کوردی ، بۆ نموونە ئەو شاڵاوە تێکدەرانەی کە رژێمی بەعس بە سەر ناوچە شوێنەوار و مرۆییەکانی هێنا لە دوای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. ئەگەر هاتوو یاسایەکی تایبەت بە پرسی شوێنەوارو پاراستنەکەی هەبوایە دەرئەنجامی نەپچراوی پاشماوە شوێنەوارییەکان بەنەمری جێماو بۆ ماوەیەکی درێژتر دەمایەوە، جا ئەگەر پاشماوەی شوێنەواری سروشتی بن یا دەستکرد .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام دەبێت یاساکە باس لە چۆنیەتی فەرمەزەکردنی هزری تاکی کورد بکات کە چۆن دەتوانن پارێزگاری لە شوناسەکەیان بکەن " کە ئەویش لە ڕێگای بزربوونی شوناسی شارستانیەتە دۆزراوەکان کە خوێندنەوەی زانستیان بۆ نەکراوە بۆ نموونە وەك توێژینەوەی زانستی لەسەر پارچەی شوێنەواری و کۆشك و گۆرەکان مۆرەکان و تەلار و بیناسازی شوێنەواری ، کە هەرچی بکرێتە بەرنامەی کاری توێژینەوەی لا توێژەران مۆرکێکی نیشتمانی دەبەخشێتە ناسنامەی وڵات و هۆشیاری شوێنەواری لای هاوڵاتیان دروست دەکات .

## 1-1 دەستەواژەو هزری ناساندنی کەلەپوور وشوێنەوار.

دەستەواژی شوێنەوار: وەك ئەوەی زۆربەی سەرچاوە رەسەنەکان باسی لێوەدەکەن دەڵێن " کۆی چەند پاشماوەیەکی جێماوی مرۆڤایەتیە، ئەویش بریتیە لە دەستەواژەی (الأثر)" .(ابن المنظور، لسان 1990/4، ص5) ، بۆیە چەندین جار ناوی شوێنەوار بەچەندین شێوەزاری و دەستەواژەی جۆراو جۆر هاتووە بۆیە لە  چەند دیالیێکتیکی کوردی و عەرەبی وبیانی بەم شێوەیە شرۆڤەی بۆ دەکرێت کە گرنگترنیان کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە خوای گەورە دەڵێت { قالوا تالله لقد أثرك علينا}سورة یوسف(الايه 9) کە لە ڕووی زمانەوانیەوە شوێنەوار لە لای چەندین نەتەوەو هۆز و خێلی تر کە هەرشتێك وکارێکی مرقایەتی کە خودی خۆی ئەنجامی دابێت بە( پاشماوە و هەواری مرۆڤایەتی) دەناسرێت هەروەك لە زمانی فارسی دا هاتووە،(ابن فارس: مقياس اللغة /ج1/ لا 53-55، والزمخشری: اساس البلاغة ج1/لا20، وابن المنظور : لسان العرب، ج5/4-9، والزبيدی : تاج العروس (ج10/لا17-20)) تەنانەت لە زمانی کوردیشدا زاراوەی شوینەوار :  بریتیە لە نشینگەیەکی جێماوە، کە باس لە چۆنیەتی ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستان دەکات  کە وەك شارەدێیەك گونجاو بووە بۆ ژیانیان ( کریم: 2018، لا19) .

تەنانەت زانستی شوێنەوار بەدواداچون  بۆ رایەلی ژیانی مرۆڤ دەکات لە دێر زەمانەوە وە زانست مامەلەی لەگەل دەکرێت، ئەوە دەقەش لەسەرو بەندی ئەوەوە دێت کە رۆژئاواییەکان دەست پێشخەر بوونە لە پراکتیزە کردنی زانستی شوێنەوار، (أنيس وأخرون..:1973، ص5) بۆیە رێکخراوی یۆنسکۆ خۆی بە خاوەنداریتی ئەم پرسە دادەنێت کە چۆن پارێزگاری  لە شوناسی گەلان بکات لە ئێستا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رابردوو بە بڕیاری نێو دەوڵەتی بۆ ناساندنی شوێنەوار کە موڵکی نەتەوە و دەوڵەت و ڕێکخراوە نێوەدەوڵەتیە جیهانیەکانە بۆ پارێزگاری کردنیان لەلایەن خەلك و دەوڵەت (UNICCO: 1984,p219.
).

بەڵام سەبارەت بە کەلەپوور لە ڕووە زانستیەکەشیەوە جیا نەکراوەتەوە لە دەستەواژەو و زانستی شوێنەوار ،(الصوف:1992"ص7-12، اوجی:1998،ص19). بە تایبەت لە ڕووی شوێنەواری و زانستە رۆشنبیرییەکان. کە بە میراتێکی ڕەسەنی زانستی شوێنەوارناسی هەژمار دەکرێت،(الیونسکو: 1985،ص29-46)، سەرەڕای ئەوەی کەلەپووری نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان هەرلەگەل ناساندنی مێژووی کورد چەند پرەنسیپێکی گشتگیری هەبووە، هەربۆیە زمانی نیشتمانی بوونی کورد ناسنامەکەیەتی کە بە کەلەپوورو شوێنەوارەکەی خۆی دەگرێت، هەروەها هیچ زمانێك ئەوەندەی زمانی کوردی نەکەوتۆتە بەر شاڵاوی سرینەوە(سافراستیان:2005ز ، ل2-5) .

ئەوەی جێگای ئاماژەیە زۆربەی جار کەلتوور و شوێنەوار هەڵگری ناسنامەی کۆمەلێك پرسی گرنگە لەناساندنی شوناسی هەر نەتەوەیەك بەندە بە شارستانیەتی هەمان نەتەوە بە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و گوزەران و کارو کردەوەکان و پاشماوە شوێنەوەرییەکان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابووری، لە ڕێگای کەلەپوورەوە پاشماوە جێماوەکان دەتوانرێت هەلوەستەیان لەسەر بکرێت. هەروەك مێژوو نوس دەواخلی لە کتێبەکەی خویدا باسی کردووە کە چۆن هۆزە عەرەبەکان ژیان گوزەرانی کۆن و نوێیان بریادەری شوێنەوار و کەلەپوریانە(الدواخلی:1996،ص3)، زۆربەی ناوچە شوێنەوارییەکان و مێژووەکانیان ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە شارستانیەتی کورد لە پاشماوەی شوێنەوارییەکانەوە دەبینرێت.

## 1 :2 -ڕۆڵی دمەزراوە شەرعییەکان لە جێبەجی کردنی یاسای پاراستنی شوێنەوار.

### 1-2-1 :حکومەتی هەرێمی کوردستان .

هەرێمی کوردستان جکومەتێکی بچوکە لە نێو حکومەتێکی فیدرالی گەورە کە ئەویش دەوڵەتی عێراقە. کە لە هەموو بنەماکانی بەدەوڵەوت بوون نزیك بۆتەوە ، کە ئەو بنەمایانەش تایبەتمەندی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەت بوونێکی ئاراستە کراو نیشان دەدات.(عزيز:2015،ل226-227). بۆیە پارێزگاری وناساندنی زاراوەی پاراستن بەوە دەناسرێتەوە کە بڕیار لەسەر فاکتەری پاراستنی کەل و پەلی بەرجەستە ومەعنەوی دەدات، لە چوار چێوەی دام و دەزگاکانی شەرعی وولات بۆ زیاتر خۆناساندن )). Marston.J,1998. P 7-9.وەك ڕێکارە یاساییەکانی پاراستنی شوێنەوار، دوور حستنەوەیان لە دزی و سوتان و کرین و فرۆشتنیان ، یاخود کەشێکی ئارام بۆ شوێنەوار و کەلەپوور دابنرێت لەسەر ئاستی نێوەخوی و دەرەوە، جا بە هەر هۆکارێکی تێکچوون و لە ناوچوون و داڕمان و تەنانەت دورخستنەوەی کاری ساختەکاری گەڕانەوەی شوێنەوار بۆ بەها ڕەسنایەتیەکەی خۆی کە لە بنەچەدا هەیەتی، (ابن المنظور: لسان،1990/4 ، ص783) . وەهەوەها یاسای پاراستنی شوێنەوار کوردستان بۆ ئەمرۆ تۆمارکردنێکی مێژوو نوێیە، کە تەنیا بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور نەکات، بەڵکو هەنگاو بنێت بۆ پارێزگاری کردنی مۆرکی نشینگەو ژیانی خەڵکی سەردەمانی زوو و بەهەند وەرگرتنیان لە چەندین سیمینارو سیمپۆزیۆمی زانستی لە ناوەندەکانی کە ڕۆلیان هەیە لە نوێخوازی ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر ڕەسەنایەتی پێشوویان. بۆئەوەی بتوانرێت زیاتر پرسگەلێکی گەیشتن بە باشترین چارەسەری پارێزگاری کردن لە ماڵ وموڵکە نیشتمانیەکان بە چۆنیەتی ئاشنا بوون بە نرخ و بەهای شوێنەواری و کەلەپوور (بدر الدين:1999، ص15). چونکە هەموو پاشماوە شوێنەوارییەکان بە گوازراوەو نەگوازراوە لە جۆرەکان (مزگەوت – مۆزەخانە- ئاتاشگاو پەرستگا- مەزاری ئاینی – تابلۆ دۆکۆمێنتارییەکان- دەست و نووس و تابلۆ وێنەییە زەیتیەکان) دەچنە ریزی پارێزراوە نیشتمانیەکان( إمام شحاتة، 1977، ص257 ).

دواتر دەست دەکرێت بەناساندنی مێژووی شوێنەوارەکە، بۆیە پۆلیسی شوێنەواری لەگەل شوێنەوارناسان تۆمارێکی زانستی دروست دەکەن . بۆ ئەوەی لە شوێنێکی تایبەت بۆ پارێزگاری کردن وەك مۆزەخانە بپارێزرێن.سەیری تێکستی یاستی ولاتانی بیانی بکە بۆ پرسی پارێزگاری کردن ( تعريف الآثار في المادة (1) لسنة 2002- العراقی، والمادة (1) من قانوني حماية الآثار المصري ذي الرقم 117 لسنة 1983 والمادة ( 2 ) من قانون الممتلكات الثقافية اللبناني رقم (37) لسنة 2008) .

## 1-2 .ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاژانسی پاراستن و دەزگای زانیاری لەپاراساتنی شوێنەوار و کەلەپوور.

ئەنجومەنی ئاژانس و پاراستن و دەزگای زانیاری لە چەمکی ئەنجومەنێکی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان پێك هاتووە ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆن هەوڵی بنبڕکردنی هەر دەست درێژیەك بکات کە بۆ سەر ژیان و زێد و ڕەگەزایەتی ناسنامەی کورد بە مانا فراوانەکەی خستنە ڕووی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ چەمکی ئاسایش کارێکی گرانە، چونکە چەمکێکی فرە ڕەهەندە و لە یەك کاتدا پەیوەستە بە تاك و کۆمەڵگا و دام و دەزگای حکومەت . ئەویش لە ئەنجامی نەبوونی ئارامی و هێمنی وڵات دێتە بەرکار. بۆیە تاك لە هەر کۆمەڵگایەك بێت هەست بە پارێزراوی ناکات لە نیشتمانەکەی (ئاکرەیی:2004،ص17؛ الوسیط:1993،ص27). ئەگەر هاتوو کاری ئەنجومەنێکی ئاسایش و فەراهەمکردنی ئارامی نەبێت، هەروەك لە زۆربەی وڵاتانی دەروبەر پەیرەو دەکرێت بۆ نمونەی پەیرەوی ئەنجومەنی ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی دا دەبینرێت. (حسن: 2015، لا33). بۆیە ئەوە دەقە نووسراوانە ئەنجومەنی ئاسایش کاری لەسەر دەکەن کورتکراوەی ئەو زانیارییانەی کە لە هەردوو شارستانیەتی دۆلی دوو رووبار و دۆلی نیلە ، کە چۆن گەلانی هەردوو شارستانیەتی ناوبراو هەستیان بە گرنگی ڕۆڵی ئاسایش کردووە بۆ هێنانەدی ئارامی و سەقامگیری و سیاسی و ئابووری، بەپشت بەستن بە شرۆڤەیەکی زانستی بە ناونیشانی (تاریخ القوانین) کە دەڵێت "یاساکانی کۆن لە هەموو بوارەکانی ژیان بنەمای ڕێکخستنی کۆمەڵگاو شارستانەیت بوونە" (جعفر: 1998، ص 24). بە شێوەیەك ئاسایش بە بێ سەقامگیری و شارستانیتیش بە بێ ئاسایش نابێت، تەنانەت شارستانیەتە کۆنەکان و کەلەپووریەکان بەسەقامگیری ئاسایشی نەتەوە یەك لەدوای یەکەکان ماونەتەوە لەناونەچوون(مظلوم:2014،ص14). چونکە لە میانەی خستنە ڕووی یاساکاندا بە تێپەربوونی کات گرنگی پێداویستی بۆ ئاسایش لە دوو توێی ئەو ڕێکخستن و پارێزگارییەی یاسا لە کۆمەڵگا دا دابینی دەکات(ئاکرەیی:2004،ص7). بۆیە لێرەدا ئەرکی ئەنجومەنی ئاسایش لە سەرووبەندی پارێزگاری کردن لە تەواوی برگە و بابەتەکانی نەتەواتی کاری پێشینە ئەنجومەنی ئاسایش بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە گەورەکان کە سەقامگیری ناوەخۆی و دەرەکیە. (قدور:2009، لا 33). تەنانەت یەکێك لەکارەکانی کە پێویستە بنکوڵ و بەدواداچونی بۆ بکەن پرسی شوێنەوار و کەلەپووری ووڵاتە، بۆیە ئێمەی وڵاتانی رۆژئاوایی ناتوانین لە پێشبڕێکی شارستانەتی کۆنی وڵاتە عەرەبیەکان بکەین، هەربۆیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕووی شارستانیەت لە پلەبەندی لەپێش ئێمەن"( سعید؛الحرفش: 2010، صص14- 26 - 66). بۆیە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی دەزگای ئاسایش لە هەرێمی کوردستان پاراستنی خاك و دامەزراوە ناوەخۆی دەرەکیەکانە لە دەست هەڕەشەی پێش وەختەی دوژمن، وەهەروەها دەسەڵاتی هەر وڵات و هەرێمێك بە تەنها ناوەستێتە سەر هێزەکانی دامەزراوەی ئاسایش بەڵکو ئەرکی پاراستنی شوناسی نەتەوەیەك دەکەوێتە ژێر ڕۆشنایی سیستەمێکی سیاسی کارای هەرێمی کوردستان(عزیز:2015،لا 225-224). هەروەك بینیمان ڕێکخراوی قاعیدە هەڵمەتی تێکدەرانەی ناوچە شوێنەوارییەکانیان دەست پێ کرد بە بوونی ئەم بەڵگەیەی کە لە قورئانی پیرۆز داهاتووە، کە خوای گەورە دەفەرموێت ( أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ(سورة المائدة / الاية 90 ). بۆیە زۆربەی ناوچە شوێنەوارییکانی موسل و عێراقی خاپووریان کرد. هەرچەندە ئەم ئایەتە بۆ سەردەمێك هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموێت ئێستا کاتی مسوڵمان بوونە دەبێت موسوڵمان بوون دوور بکەوێتەوە لە خواردنەوەی ماددە کحولیەکان و (خەمر) و بت پەرستی ەندان کاری تر کەپێش ئیسلام کراون.

ئەوەی جێی ئاماژەیە کە مرۆڤە کۆنەکان بۆ پارێزگاریکردن لە رەسانەیتی خۆیان هانایان بۆ ئەمن و ئاسایش و ئارامی ناوچەگەری دەبرد بۆ زیاتر فەراهەم کردنی وێنایەکی جوان بۆ ژیان (اسماعیل:2008م، ص 10). زۆربەی ڕاو بۆچونەکان چەندیین پرس و ئاستەنگ بۆ فەراهەمکردنی یاسا دەهێننەوە بۆ سەردەمە یەك لەدوای یەکەکان دەربارەی پاراستنی رەسانەیاتەتی و شوێنەوار لە چاخە بەردینەکان. کە زیاتر دەبێتە هۆی ئەوەی پارێزگاری لە سیمای شارستانیەتی خێزانێك یان هۆزێك یان نەتەوەیکی دیاریکراوی ناوچەیەك بکات.(ترمانینی:1985، ص 22-29-104). لەسەخترین کارەکانی شرۆڤەی زانستی بۆ کارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بریتیە لە نارۆشنی ناونیشانی سیاسی هەرێم لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە، ئەویش بە هۆی نەبوونی دەوڵەت و ستراکچەری دەوڵەتی، وەهەروەها نەبوونی دەستورێکی پەسند کراو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی(عزیز:2015، لا 154-153). بۆیە لێرەدا ئەنجومەنی ئاسایش کار لەسەر ئەم ڕەهەندانەی خوارەوە دەکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- شوناسی میراتگەری: بە پێی تێپەربوونی مێژوو لە هەر کات و سات و هەلومەرجی سیاسی ونەتەوەیی کورد. بریتی بووە لە ڕوحی پاراستن لە داب و نەریت و کەلتوور پەیوەستە بەو هێزەی کە توانای بەرگری لە شوناسی نەتەوەکەیدا دەکات . (ڕەوشەندەڵ: 2009، لا 117-118) .

2- ستراتیجیەتی میراتگەری: کورد دوای ئەوەی سنورە جوگرافی لەگەل چەندین ولاتی نەیارانی هەژموونی سیاسی هەبووە لە کۆن و ئێستا دا، بەڵام دوای ئەم دۆخە نەخوازراوانەی کە بە تێپەربوونی کات بەسەر کوردا هاتووە، دوا تر لەسەرلەبەری نوێ بونیاتنانەوەی یاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، چەندین بڕیار دەرکران لەوانەی بڕیاری مادەی 58 لە ساڵی 2005 کە ناسرابوو بە مادەی 140 لە بەرواری (8- ئاداری- 2004) ڕوویانداوە، (دستور جمهورية العراق: 2005، الفصل الثانی، الإحكام القانونية – المادة 140) ئەمەش تایبەت بوو بە ناوچانەی کە زێدی باوباپیرانی کورد بوون بەڵام بە چەند هەنگاوێکی بە عەرەبکردن عەرەبنیشین کرابوو، بۆیە لە بەیاننامەی 11- ئاداری – 1970 ئەم پرسە هەر بوونی هەبوو بەڵام بەهۆی نەبوونی هەژموونێکی واقیعانە بنبەست لە پرسە حکومەتی عێراق خاوەندارییەتی ئەکەیسەی نەکرد بۆ هەر بە هەلپەسیردراوی مایەوە (بارزانی: 2012 /3، لا126). هەرچەندە لەگەڵ پراکتیزەکردنی دۆکۆمێنت و شوێنەوار و کەلەپوور دەتوانرێت پرسی ماددەی 140 بەرەو پێشبردنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت هەروەك بوونی نەخشەی کوردستانی بوونی شاری کەرکوك لە وەقائیع و سالنامەی عوسمانی.

3- شوناسی شوێنەواری: نەتەوەی کورد هەر بەش خوراوبوو بەهۆی ئەم ناسنامە شارستانیانەی کە وەك شوێنەوار و کەلەپوور لە ناوچەکە ناوزەند دەکران، بۆیە سەرەتا حکومەتی عێراقی دەستی کرد بە لە ناوبردنی شوێنەوار میللەتی کورد کرابوون لە پارێزگاکانی هەولێر و سلیمانی و دهۆك و قەزا و ناحیەکانی کە کورد نیشین بوون ،(ئاکرەیی:2004،ص196).

4- میراتی کارمەندانی ئەنجومەنی ئاسایش:کارمەندی دەزگاکانی ئاسایش ئاماژەیەکە بۆ ڕێگری کردن لە کاری تاوان و تیرۆر و فەراهەم کردنی ئارامی بۆ وڵات بێت یان هەر شارو و شارۆچکەیەك و هەرێمێك، بۆیە لەسەر کارمەندانی ئاسایش پێویستە ژینگەیەکی لەبار ساز بکەن بۆ ئەوەی هیچ دەستێکی دەرەکی کارنەکاتە سەر کارو پرۆگرامی تیمەکانی ئاسایش بە هەموو ڕەهەندەکانی کە پێیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سپێردراوە لەلایەن دەوڵەت(البداینة:2002"ص 19). ئەگە دەوڵەت دووچاری هەر جەنگ و هەڕەشەیکی ناوەخۆی و دەرەکی بێت" ئەوا دوای ئەنجامدانی پرۆسەی جەنگ بەسەر ئەو وڵاتە ئاسایشی ئەم وڵاتە دەکەوێتە مەترسیەوە، بۆ نموونە وڵاتی عێراق لە ساڵی 2003 کە لەلایەن چەند گروپ و کەس نەناسراو  دەستیان کرد بە هەڵمەتی دزینی شوێنەوارەکان و تێکدانی ناوچە شوێنەوارەکان، بۆیە لە نەبوونی دەزگای ئەمنی و ئاسایش ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان جێگرەوەی ئاسایشی وڵاتان دەبن بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەواری و کەلەپووریەکان **(Unesco:1970, p3**؛العبداللە: 2015،ص 104-106؛اتفاقیة لحمایة التراث العالمی الثقافی والطبیعی: 16 تشرینی الثانی / نوفمبر 1972، ص 5-6 من مادە 5-6؛المدور:2009 ، ص 126؛حسن:2015، لا 8**).**ئەوەش وای کردووە کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی دابمەزرێت بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ پرسی ناسنامەدا(عزیز:2015،لا 198) .

**2-2: ڕەشنوسی یاسایی پاراستنی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان  کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان ڕەزامەندی کارنامەی پێدەرچووە :**

بە هۆی نەبوونی یاساییەکی تایبەت بە هەل ومەرجی نێودەوڵەتی ناوەخۆی بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە کار بە یاسایی عێراقی دەکرێت(پاراستنی شوێنەواری عێراقی بە ژمارە (55) لە ساڵی 2002ز) کە ئەوەش خۆی گرفتێکە بە هۆی ئەوەی زۆربەی ناسنامە و شوناسی شوێنەوارەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعس و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ گۆڕینی دیمۆغرافیای ڕەسەنی شوناسی کوردبوونی گۆردراوە.  (تنظر الفقرتین سابعا و ثامنا، من المادة 4 من قانون الاثار والتراث العراقی رقم 55 لسنة 2002م).  سەرەنجام ئەم  یاساییە دوای ئەوەدێت کە پەرلەمانی عێراقی لەساڵی 2002ز پەسندی دەکات دوای ئەوەی پشت دەبەسترێت بە یاسا کۆنەکەی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور کە لە ساڵی 1936 پەسەند کرابوو،(قانوون الاثار والتراث رقم (59) لسنە 1936م الملغی)" کە زیاتر تیشکی خستبووە سەر لایەنی پاراستنی شوێنەوار لە پرۆژە یاسایی 59 لە برگەی 5 مادەی 1 .  ئەوەی جێی ئاماژەیە کە زۆربەی بەند و برگەکانی یاساکە پێناسەیەکی ناساندنی بۆ جۆرێك لە زانستی شوێنەوار کردبوو  کە دەڵێت کە پاشماوەیەکی شوێنەواری و کەلتووری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەمەنی لە (100) ساڵ زیاتر بێت بە شوێنەوار هەژمار دەکرێت. (بڕوانە برگەی 1 لە مادەی 1 لە یاسای شوێنەواری ژمارە 59 ساڵی 1936)، بۆیە لە هەمان رەشنوسی یاسای پاراستنی شوێنەوار و گەشت و گوزار هەمان پرسگەل دەخرێتە بەرنامەی کاری پرۆژە یاساکە " سەرەڕای ئەوەی کەلك لە چەند پرۆژە یاسایەکی تر وەرگیراوە کە لە ژینگەی کوردستان و ناوچەکە نزیکە بۆ نمونە پرۆژەی یاسایی وڵاتی میسر بۆ پاراستنی شوێنەوار بە ژمارە 117 لە مادەی (1) ساڵی 1983 ز کەباس لەهەمان بڕیار دەکات کە لە عێراق و هەرێمیی کوردستان هەیە، بەڵام لە یاسای شوێنەواری ئوردنیدا هاتووە کە دەڵێت " هەر پاشماوەیەکی جێماوی مرۆڤایەتی لە شارستانیەتە کۆنەکان لە نەوەیك بۆ نەوەیەکی تر کە تەمەنی لە (100) ساڵ زیاتر بێت دەچێتە ریزبەندی شوێنەواری کە لە ساڵانی 1700ز شرۆڤەی یاسای شوێنەواری بۆ کراوە(قانون رقم 31 لسنهة 1988 المنظم لقطاع الاثار الاردنی).

بەڵام سەبارەت بە پاراستنی شوێنەواری لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کە رێکخراوی لاهای سەرپەرشتی یاسادانانی بۆ کردووە دەچتە قالبی پشتێنەی پاراستنی نێودەولەتی کە ئەوەش لە ئەنجامی ڕوودانی هەرجەنگێك لەسەر هەر وڵاتێکی کە دووچاری جەنگ بێت(منظمه الامم المتحدة للتربیه والعلم والثقافة(یونسکو) پاریس 1972م ، ص82) .

**1-3: دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە جێبەجی یاسایی( قانون حماية التراث العمراني والحضري رقم 5 لسنة 2002)**

پاراستنی شوێنەوار ئەوکاتە دەست پێدەکات کە یاسایی پاراستنی شوێنەوار کاری پێبکرێت . بۆیە دوای دەرچوونی یاسای 55 سالی 2002، ( المادة 1: یسمی هذا القانون ( قانون حماية التراث العمراني والحضري لسنة 2005) ويعمل به من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ) کۆمەڵێك ڕێگا دەست نیشان کراوە لەسەروبەندی یاسای شوێنەوار بۆرێگری کردن تاوان بەرامبەر شوێنەوار و کەلەپوور . کە لێرەدا بە تێرو تەسەلی باس دەکرێت. کە ئەمانەن.

## 1- بەندەکانی یاسای تایبەت بەشوێنەوار.

ئەو یاساییە کە بە هیچ شێویەك مامەڵەی سازشی پێوە ناکرێت لە بارەی جێبەجێکردنەکەی بۆیە بە یاسای (قانون المفترض) ناسراوە. بۆیە ئەو یاسایە بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ژینگەی شوینەوارەکە دەکات بەم شێوازەی خوارەوە:

هەروەك لە (المادة 2) هاتووە کە دەڵێت ( يكون للكلمات والعبارات التالية حيثما وردت في هذا القانون المعاني المخصصة لها ادناه ما لم تدل القرينة على غير ذلك :) (

الوزارة وزارة السياحة والاثار . (وەزراتی شوێنەوارو گەشت وگوزار)

الوزير وزير السياحة والاثار . (وەزیری شوێنەوار و گەشت و گوزار)

اللجنة (اللجنة الوطنية لحماية التراث العمراني والحضري المشكلة بمقتضى احكام هذا القانون) .

الصندوق (صندوق حماية التراث العمراني والحضري المشكل بمقتضى احكام هذا القانون ) .

الموقع التراثي المبنى او الموقع ذو القيمة التراثية من حيث نمط البناء او علاقته بشخصيات تاريخية او باحداث وطنية او قومية او دينية هامة واقيم بعد سنة 1750 ميلادية بما لا يتعارض مع قانون الاثار النافذ المفعول رقم (21) لسنة 1988 وفقا لاحكام هذا القانون ويشمل ذلك ما يلي :

المبنى التراثي : المنشات والمفردات المعمارية ذات الخواص المعمارية او التاريخية او الثقافية التي تحكي احداثا معينة .

الموقع الحضري : النسيج العمراني والساحات العامة والمجاورات السكنية وتنسيق المواقع التي تمثل القيم الثابتة التي بنيت عليها ثقافة السكان .

السلطات التنظيمية: مجلس التنظيم الاعلى واللجان اللوائية والمحلية المشكلة بموجب قانون تنظيم المدن والقرى والابنية النافذ المفعول.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو ماددەیە کە وا دەکات کە هەر کەس و لایەنێك نایاسایی بەرامبەر بە دۆسیە و هەلکەوتەی شوێنەواری بکات بەپی یاساسی سزادانی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .و سزای تاوانبار دەدات.(سلامه:1991، ص111) هەروەك لە بمادەی ژمارە11 رونکراوەتەوە (المادة 11يحظر هدم المواقع التراثية او اتلافها او تخريبها او الحاق أي ضرر بها او فصل أي جزء منها او الصاق الاعلانات عليها ، وعلى من يشغل الموقع التراثي والسلطات التنظيمية الحفاظ عليه من أي عبث او اتلاف يلحق الضرر بمكوناته ومحيطه .) یان هەر سزایەك ئەم یاساییە بیانگرێتەوەی دەچێتە ژێرباری یاسایەکە و سزای تاوانبار دەدات بە بێ هیچ پاساوێکی کەمکردنەوەی برگەکانی سزای یاساییەکە کە وەك تاوانێکی دروست دەناسرێت بەرامبەر دزین و مامەڵە کردنی شوێنەوار، هەروەك لە مادەی ژمارە 14 رووونکراوەتەوە (المادة 14 أ. على الرغم مما ورد في أي تشريع اخر، تلتزم السلطات التنظيمية بترخيص الموقع التراثي كما هو في واقعه واعفائه من غرامات التجاوز على الارتدادات القانونية او النسبة المئوية والطابقية والحجم المقررة . ب. على السلطات التنظيمية مراعاة المواقع التراثية عند تخطيط او تعديل او تصديق أي مخطط تنظيم هيكلي او تفصيلي وعلى البلديات وأي جهة اخرى عدم المساس بالموقع التراثي عند فتح الشوارع والطرق ضمن اختصاصاتها). بەڵام لە گۆشەی چەسپێندراوی یاساییەکە ئەگەر بە ڕوونی دیارنەکەوت لسەر تاوانبار، ئەوا ئەو کاتە بە ساغبوونەوەی راستەخۆی تاوان هەژمارناکرێت.(انظر الماده رقم 14 من القانون العراقى المرقم 55 من العام 2002)

ئەوەی جێ ئاماژەیە سەبارەت بە ساغ بوونەوەی بریاری دادگا لەسەر تۆمەتبار ئەوا بەپێی یایاسای و مادەی ژمارە 16 سزا دەدرێت هەروەك لە یاساکە رووونکراوەتەوە.....

لە (المادة 16) هاتووە کە دەڵێت . هەکەسێك تاوان بەرامبەر بە شوناس و شارستانیەتی دەوڵەت بکات . ئەوا غەرامە دەکرێت بە دینار((مەبەست لێرەدا دیناری سویسری کۆنە))...

أ . يعاقب بغرامة لا تقل عن مائة دينار ولاتزيد على خمسمائة دينار كل من قام بالصاق أي اعلان على أي موقع تراثي او الكتابة عليه . ب. يعاقب بغرامة لا تقل عن الفي دينار ولا تزيد على خمسة الالف دينار كل من - :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1 .اتلف او عبث او ساهم قصدا بالحاق ضرر باي موقع تراثي او أي جزء منه .

2 .اجرى أي اضافة او تغيير على معالم أي موقع تراثي دون الحصول على موافقة مسبقة من اللجنة .

3 .استخدم الموقع التراثي بشكل مخالف لاي استخدام تم تحديده من اللجنة .

ج. يعاقب بغرامة لا تقل عن الفي دينار ولا تزيد على خمسة الاف دينار او بالحبس مدة لا تقل عن اربعة اشهر او بكلتا هاتين العقوبتين كل من قام بهدم أي موقع تراثي او أي جزء منه .

د. يلتزم المخالف بازالة المخالفة واعادة الوضع الى ما كان عليه على نفقته الخاصة وفي حال امتناعه عن ذلك تقوم اللجنة باعادة الوضع الى ما كان عليه على نفقته وذلك بالاضافة الى أي عقوبة توقع عليه بمقتضى احكام هذا القانون .) لە ڕێگای ئاگادار کردنەوەی چەند بروسکەیەکی یاسایی دەبێت لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بەپێی پلە بەندی یاسایی و بۆ ئەوەی تاوانبار بانگهێشتی داداگا بکات بۆ زیاتر گرنگی دان بە دەستگیرکردنی تاوانبار لە ژێر چاودێری فەرمانەکانی دادگا. بەڵام ئەگەر هاتووە کەیس و نمای تاوانێك لەسەر موڵکی کەسی بوو، بۆ نموونە موڵکی خاوەنداریەتی بۆ هەر کەسێك بێت، ئەگەر هاتوو خاوەن موڵك مامەلەی بە ناوچەیەکی شوێنەوار بکات لە چوارچێوەی موڵکی خاوەندارییەتی، ئەوا یاسای لێپیچینەوە لەو دۆسیە دەکات کە بەهیچ شێوەیەك مامەڵە بە شوێنەوار ناکرێت بە دەستدرێژی شوێنەوار هەژمار دەکرێت(مادة رقم 17 من قانون الاثار والتراث لرقم 55 سنة 2002). (المادة 17تسجل جميع المواقع التراثية التي يتم شراؤها من مالكيها وفقا لاحكام هذا القانون لصالح الوزارة باسم الخزينة واذا كان المشتري بلدية يسجل باسم البلدية .) بۆیە پرۆژە یاسایی شوێنەوارو گەشتو گوزاری هەرێمی کوردستان هەمان میکانیزمی ئەو پرۆژە یاساییەی کە بۆ پاراستنی شوێنەوار هەمواری یاسایی بۆ کراوە لە پەرلەمانی عێراقی (قانون حماية التراث العمراني والحضري رقم 55 لسنة 2005) دانراوە دەنگی پێدراوە، کە ئێستا وەك یاسا لەسەرتاسەری عێراق کاری پێدەکرێت، لێرەدا بەکارهێنانی یاساکە لەو کاتەدا دێت کە تاوانبار هەست بە داروخانی دەروونی نەکات بەرامبەر بڕگەکانی یاساکە (عبيد:1974، ص 273؛ حسنى:1983، ص 293 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام ئەگەر هاتوو تاوانەکە وەك کارێکی نەخوازراوی ویستی تاوانبار هەژمار نەکرێت ئەو کاتە دەرئەنجامی تاوانەکە دەچێتە قالبی تاوانێکی نەخوازراو (غیر مشروع)، بۆیە ئەگەر یاسا دەرئەنجامی خۆی نەبێت بۆ ئەم جۆرە تاوانەنانە ئەوا لەڕێگای فەرامۆشی برگە و بەندی یاسایی و شوناس و شارستانیەتی نەتەوەیەك بەرەو نەمان دەچێت، بەهۆی دەستدرێژی کەسێك یان چەند کەسێك بۆ شێواندن و دزینی شوێنەوارو وپارچەی شوێنەواری کە ئەوەش لە رێگای نەبوونی هۆشیاری رەفتاری پاراستن دێت بەرامبەر بە شوێنەوار.(العبدالله:2015،ص103-104؛ الخفاجی:2002،ص ص29). بەلام زۆرجار دادگای تیاهەلچوون ریگای سەرتاسەری بۆ بنبرکردنی دەست درێژی و دزی دەخاتە تەواوی هاولاتیان کە ئەو تۆمەتەیان لەسەر ساغ دەبیتەوە ئەوا بە پێی یاسایی ژمارە 40 لە ماددەی 1048 یاسایی کاری پاراستنی شوێنەواری ساڵی 1951 داهاتووە کە دەڵێت" الملك التام من شأنه ان بتصرف به المالك تصرفأ مطلقأفی ما یملکه عینأ ومنفعة واستغلالأ". (نص مادة1048 من القانون المدنی رقم 40 لسنة 1951م). ئەوا سزا دەدرێت بەپشت بەستنی بە هەمواری هەمان یاسایی ناوبراو بە ژمارەوە دەقێکی تر کە بۆ مادەی 39 یاسایی شوێنەوار و کەلەپوور لە یاساپەسند کراوەی عێراقی بە ژمارە 55 لەساڵی 2002 دەرکراوە لە عێراقدا سزا دەدرێت . بەپیێ یاساکە (بۆماوەی 10ساڵ ) یان بە بژاردنی نیوەی نرخی پارچە شوێنەوارەکە ئەگەر هاتوو دەست نووس یان دراو یان هەرپارچەیەکی شوێنەواری بێت ) ئینجا بەهەر داخوازییەك تاوانبار ئەنجام دابێت. (نص مادە 39 من قانون الاثار و التراث برقم 55 لسنة 2002 المعدل العراقی). بۆیە لەگەل هەندێ پرەنسیپی یاسایی هەرێمی کوردستان دەست بۆچەند یاسایەکیتر دەبات بۆ پارێزگاری کردنی شوێنەوارو و شوێنەوارناسان و ناوچە گەشتیارییە شوێنەوارییەکان هەروەك لە برگە و بەندی یاسایی سزادانی عێراقی ژمارە 111 لە ساڵی 1969 ناراستەخۆ دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ رزگارکردن و دوورکەوتنەوەی شوێنەوار لەسەر دەستدرێژیکردن و دزیینی شوێنەوار. (نص القانون العقوبات رقم 111 لسنة 1969م المعدل). بۆیە لە ساڵی 1981 یاسایەکە هەموار کراوەتەوە بۆتە یاساییەکی نوێکاری بۆ زیاتر چارەسەر کردنی کێشەی دزین و تێکدانی شوێنەوار، بۆیە لە یاسای 1981 داهاتووە، کە دەڵێت "ئەگەر هەرپارچە زەویەکی موڵکداریەتی هەرپارچەیێك شوێنەواری تێدا ناشترابێت یان لە خاکەکەی بوونی هەبێت ئەوا بە پێی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسای ژمارە 26 لە یاسای موڵکدارییەتی خانو بەرە دەخرێتە سەر موڵکداریەتی گشتی دەوڵەت . (نص من مادة 26 شرح قانون استملاك رقم 112 لسنة 1981 المعدل.)

**2-3 :سزای یاسایی یاسای (قانون حماية التراث العمراني والحضري رقم 5 لسنة 2005) و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان .**

بەڵام سەبارەت بە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان کە بوونەتە فاکتەرێکی تێکدەرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تەنانەت یەکەم سەرهەڵدانیان لە تێکدانی شوێنەوار دەگەڕێتەوە بۆ 11 سێبتمبرساڵی 2001ز دوای هێرشکردنە سەر تاوەرە بارزگانیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (جلسة رقم 4385 اتخاذ قرار مجلس الامن برقم 1373 فی 28- ایلول- 2001) .لەبواری ڕۆڵی ئاسایش و دامەزراوەی هزری دروست کردنی ئارامی و ئاسایش لە ناوەرۆکی فەرمانڕەوایی گشت حکومەتێك یەك مەنهەجی و پرۆگرامی هەیە، بەڵام جێبەجێکاری کارنامەکە دیاریکەری جۆریەتی و چەندیەتی ئاسایشە لەو هەرێمە ئەویش بە پاراستنی یەکپارچەی و سەربەخۆ بوون و یەکێتی و سەلامەتی خاکەکەی بە گوێرەی ئەو ڕەگەزانەی کە وردەکاریەکان لە هەردوو بواری ناوەخۆی و دەرەکی دەگرێتەوە. کارپێکردنی یاسای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ زیاتر زامنی چارەنووسی میلەتان کە ئەویش لەساڵی 1947 بۆ ئەو وڵاتانە خستیانە کار بۆ ئەوەی یاساییەك هەبێت بۆ داکۆکی کردن لە مافی نەتەوەی و شوناسیان تەنانەت لە دەقی یاساییکە هاتووە کە دەڵێت "بەرگری نەتەوەیی لە پێناوی هێنانەدی ئاسایشە". وەهەروەها چەندین دامەراوەی بەرگری کردن لە شوناس و ناسنامە هەیە کە ئەویش بریتیە لە ئاسایشی مۆزەخانەکان بە گرنگترین فاکتەر دادەنرێت بۆ ئەوەی شوناسی شوێنەواری پارێزراو بێت . وەك هەر دامەزراوەیەکی تر دەوڵەت پێویستی بە فەراهەم کردنی کەشێکی ئارام هەیە بۆ ئەوەی زیاتر متمانە لای هاوڵاتیان و ڕوناکبیران چینی ڕۆشنبیر دروست بکات ، کە تاچەند دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس توانای پارێزگاری کردنیان هەیە لە دامەزراوەی مۆزەخانە، بۆ ئەوەی بتوانرێت گرنگی مۆزەخانە پێکهاتەکانی نێو مۆزەخانە بپارێزرێت پێویستە چەند بنەمایەکی کارگێری و زانستی لە ڕووی ئاسایشەوە ئامادە بکرێت. کە کار لە سەر لەناوچوونی مۆزەخانە بکات. (سعيد؛الحرفش، 2010، ص ص 42-43).

**دەرئەنجام:**

هەستی شوناس و ناسنامەی گەلی کورد بە کەرەستەیەکی وەك شوێنەوار و کەلەپوور، وەیەکێك لە بنەماکانی پارێزگاری کردن لە شوناس نەتەوەکان بریتیە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بە پرسە یاسایی و شەرعیەکان و ئاین و دەسەڵاتی جێ بەجێ کار لە دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان . کە کار پرۆژە یاساییە جێبەجێکاریەکان بکات لە وەزارەتی داد و دادگای تێهەڵچونی بەرایی و ڕۆڵی پۆلیس و ئەنجومەنی ئاسایش و وەزراەتی پەروەردە بۆ زیاتر ئاشنا کردنی ڕۆڵەکانمان بە پرسە نیشتمانیەکان، وەهەروەها چەندی فاکتەری تر کە بۆ ئاسایشی شوناس و شوێنەوار پەیوەستن.

1- دەرکەوتنی ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش و دامەزراوە ئەمنیەکان بۆ پارێزگاری کردن لەشوناسی گەلی کورد.

2- بەبێ ئاسایش هیچ شوناسێك بەدی ناکرێت لە ژیانێکی پراو پڕ لە سەروەری و خوێن بەخشین لە پێناو پارێزگاری کردنی سنوری جوگرافیای وڵاتی میزۆ پۆتامیا و دەوڵەتی ماد و شارستانیەتە بەردەوامەکانی کاروانی تۆمارکدنی مێژوو و شوناسی کوردستان.

3- کارکردن لەسەر پرۆژە یاسایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور بۆ زیاتر دەست نیشان کردنی ناسنامەی گەلان و گەلی کوردیش بەدەر نیە لەسەر بەندەکانی یاسایی ڕێکخراوەکان لەسەر مانەوەی شوناسی گەلان.

4- دەرکەوتنی ئاین و ڕۆڵی لە کۆنترۆلکردنی هەلسەکەوتی تاکەکان هەیە ئەوەش لەمیانی جێبەجێکردنی فەرمایشتەکان و ترسان لە سزایی خودا و لە ڕۆژ ی دوایی کە بەهۆی ئەمانەوە تاکەکان خۆیان دوور دەگرن لە تێکدان و دزینی شوێنەوار ، سەرەڕای ئەوەی کە چەندین ڕێکخراوی تیرۆریستی لەسەرتانسەری جیهان کاریان وێران کردن و سرینەوەی شارستانیەت بووە لەسەر بنەمای ئەوەی کە بوونی شوێنەوارەکان زیندوو ڕاگراتنی پەرستشی بت پەرستیە ، کە ئەمەش ڕێگا خۆشکەر بۆیان کە سڕینەوە و تێکدانی شوێنەوار و کەلەپوور کاری پێشینەیان بێت بۆ ئەوەی هیچ شارستانیەتێك بوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەبێت لەسەر دیمۆگرافیای کوردستان.دادگاکان بە جێبەجێکاری یەکم دادەنرێن بۆ سزادانی هەر تیم و تاقمێك کە مامەڵە بە کرین فرۆشتنی شوێنەوار و کەلەپوور دەکەن ، کەلە دواجار کاریگەری نەرێنی

5- دەبێت لەسەر شوناسی نەتەوەی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

6- هەرەشە مەترسی کۆمەلێك فاکتەری سەرەکیە بۆ ئەوەی شوناسی وڵات بەرەو نەمان بڕوات هەروەك لە کاتی جەنگدا دەستی کاری خراپ لە دامەزراوەی فەرمی حکومەت و شوناسی نەتەوەی بە زەقی دەستدرێژی دەکرێتە سەر دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە شوناس و ئاسایش و شوێنەوار زەرمەندی یەکەم بن لە دروست کردنی دامەزراوەیەکی لەبار بۆ دادکۆکی کردن لە شارستانیەتی میلەتان. وەهەرەها میلەتی کوردیش بەدەر نابێت لەم هەنگاوانەی کە لەکاتی جەنگدا بەسەری داهاتووە کە بۆتە هۆی لەدەست دانس شارستانیەت و ناسنامە.

7- لەبواری ڕۆڵی ئاسایش و دامەزراوەی هزری دروست کردنی ئارامی و ئاسایش لە ناوەرۆکی فەرمانڕەوایی گشت حکومەتێك یەك مەنهەجی و پرۆگرامی هەیە ، بەڵام جێبەجێکاری کارنامەکە دیاریکەری جۆریەتی و چەندیەتی ئاسایشە لەو هەرێمە ئەویش بە پاراستنی یەکپارچەی و سەربەخۆ بوون و یەکێتی و سەلامەتی خاکەکەی بە گوێرەی ئەو ڕەگەزانەی کە وردەکاریەکان لە هەردوو بواری ناوەخۆی و دەرەکی دەگرێتەوە.

**ڕاسپاردە**

لەبەر ڕۆشنایی یاسایی ژمارە( قانون حماية التراث العمراني والحضري رقم 5 لسنة 2005) و بایەخ و گرنگی دان بە سیستەمی دەوڵەتداری و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی لە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا چەندین ڕەهەندی لە خۆ گرتووە بۆ پالپشتی کردنی زامنکردنی ناسنامەی میللەت. بۆ زیاتر گەیشتنە دەرهاوێشتە سیسەتەمی ئاسایشی نەتەوەی لە چوار چێوەی شوناسێکی شوینەواری و شارستانی پێویستە دەستەبەری ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین . وە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە لایەنی سیستەمی ڕێکخستنی کۆمەڵگا بدات لە چوار چێوەی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگای دامەزراوە فەرمیەکانیەوە ، سەرەرای گرنگی دان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان کە ڕۆڵیکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەریان هەیە لەسەر چاندنی هزری نەتەوەیی ونیشتمانی و گەشەپێدانی مۆرکی کوردایەتی ، وەك پەروەردەکرن و هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد لە ڕێگای خێزان و قوتابخانە دامەزراوەپەروەردەییەکانی تر ، وەهەروەها دارشتنی یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی شوێنەوار و وەگەرخستنی هزری نەوتەوەیی و بۆ زیاتر پارێزگاری کردنی شوێنەوار و کەلەپوورو ناوچە شوێنەوارییەکان، کەلە چوار چێوەی ئەو یاسایە بەربژێر دەبێت لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش لەگەلدا بێت کار بە یاسای شوێنەواری دەکرێت. بۆیە یاساکە هەندێ برگەو بابەتی تێدایە کەلەسەر ستراتیجەت و زەمینەی هەرێمی کوردستان ناگونجێت. تەنانەت سەربەخۆی دامەزراوە شوێنەواریەکانی هەرێمی کوردستان بەس نیە بۆ ئەوەی رێگری بکات لە پاراستنی شوێنەوارو بەکارهێنانی یاساکە. تەنانەت هەوڵ بدرێت لە ڕێگای کادیرە شوێنەوارییە ناوەخۆییەکان، لە ڕێگای حکومەتی فیدڕالیەوە بخزێنە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کە تایبەتن بە پرسی پاراستنی فەرهەنگ و کلەپووری شوێنەواری. وەگەرانەوەی پارچە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان و تاکی کورد بە تێپەربوونی سەدان سەدەی تۆماری مێژووی لە ناوچە دوور دەستەکان هەرێمی کوردستان، گەرانەوەیان بۆ ناوەندە شوێنەوارییە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان. هەرچەندە دەزگاکانی ئەمنی و ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش دەبێت چاو کراوە تر بن لە مامەلە کردن بە شوێنەوار تەنانەت پشت ببەسترێت بە کاری یاسای و دادگایی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوە:

قورئانی پیرۆز

1. ابن المنظور: جمال الدين أبو الفضل محمد بن مكرم بن على (1414هـ)، لسان العرب ، ثلاثة اجزاء، دار الصادر ، بيروت ، ط3، لبنان.
2. أبن فارس: أبو الحسين أحمد بن فارس(1979م)، معجم مقياس اللغة، دار الفكر ، بيروت .
3. اسماعيل: مسعود حميد،(2008م)، الأمن القومى الكوردى وسبل حمايته جنائيا، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية – اربيل.

4. امام شحاتة: مصطفى كامل،(1977م) الاحتلال الحربى وقواعد القانون الدولى المعاصرة مع دراسة تطبيقية عن الاحتلال الاسرئيلى للاقاليم العربية ، اطروحة دكتوراه ، مقدمه الى كلية الحقوق جامعة القاهرة – مصر.
5. انيس :ابراهيم،(1973م)، المعجم الوسيط ، مجل1، دار المعارف ، القاهرة ،ط2.
6. أوجى: فراس ياوز عبدالقهار ،(1998م)، الحماية الجنائية للاثار ، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية القانون ، جامعة بغداد.
7. بارزانی: مسعود (2012ز)، بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- بەرگی سێیەم- هەولێر.
8. البداينة: ذياب،(2002م)، الامن وحرب المعلومات، دار الشروق – عمان – اردن.
9. بدر الدين: صالح محمد،(1999م)، حماية التراث الثقافى والطبيعى فى المعاهدات الدولية، دار النهضة العربية القاهرة، مصر.
10. ترمانينى: عبدالسلام،(1985م)، الوسيط فى تاريخ القانون والنظم القانونية، مطبعة جامعة كويت ، الكويت،ط3.
11. جعفر:على محمد،(1998م)، تاريخ القوانين ، المؤسسه الجامعية للدراسات والنشر – بيروت،ط1 .
12. حسن: نهرۆ كانبى (2015ز)، ڕۆڵی ئاین لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر ، نامەی ماستەر کە پێش کەش بە کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین کراوە.
13. حسنى: محمود نجيب،(1983م)، علاقات السببية فى القانون العقوبات ، دار النهضة العربية القاهرة – مصر.
14. الخفاجى: على حمزة عسل،(2002م)، الحماية الجنائية للاثار والتراث ، دراسة فى ضوء أحكام قانون الاثار والتراث العراقى رقم 55 ، مجلة الحلى للعلوم القانونية والسياسية ،عدد2، السنة السادسة.
15. الدواخلي, أماني (1996). "التلوث البيئي وإنعكاسه على المدينة الإسلامية القديمة"و ماجستير غير منشور, كلية التخطيط, جامعة القاهرة.
16. ڕەوشەندەڵ: جەلیل(2009ز) ئاسایشی نەتەوەیی و سیستەمی نێودەوڵەتی ،دەزگاو چاپخانەی موکریانی – هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

17. الزبيدى: أبو الفيض محمد بن محمد بن عبدالرزاق (د،ت)، تاج العروس فى جواهر القاموس ، دار الهداية ، بيروت ، لبنان.
18. الزمخشرى: أبو القاسم محمود بن عمرو(1998م)، أساس البلاغة ، كل الاجزاء ، دار الكتب العلمية ، بيروت ، ط1 ، لبنان.
19. سافرستيان: ئارشاك،(ب.م)، كورد و كوردستان، وەرگێرانى : ئەمين شوانى، دەزگاى ئاراس ، هەلێر.
20. سعيد، الحرفش؛ محمود شاكر ، خالد بن عبد العزيز،(2010م)، مفاهيم أمنية ، مطبعة جامعة نايف- الرياض- ط1 .
21. سلامة:مأمون محمد،(1991م)، قانون العقوبات، القسم العام، مگبعة جامعة القاهرة – مصر.
22. الصوف: بهنام ابو الصوف، (1992م) ظلال الوادى العريق الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون التضامنية – بغداد.
23. العبدالله: سليمان عباس، (2015م)، الحماية الجزائية للاثار فى التشريعات العربية ، أطروحة دكتوراه غير منشورة المقدمة لكلية الحقوق- قسم القانون الجزائى جامعة حلب ، سوريا.
24. عبيد: رؤوف ،(1974م)، السببية فى القانون الجنائى ، (د.م) القاهرة ،ط3، مصر.
25. عزيز: كامران محمد،(2015ز)، ئاسايشى نەتەوەيى هەرێمى كوردستانلەسەردەمى نادلنيايىدا، چاپخانەى زانكۆى سەلاحەددين- هەولێر.
26. قدور: عمر أحمد(2009ز)، ئاسايشى نەتەوەيى و ئاسايشى دەوڵەت، چاپخانەى هاوسەر و دەزگاى موكريان – هەولێر.
27. كريم: سابير عبدالله(2018ز)، بازرگانيكردن بە شوێنەوار، چ، حەمدى ، سلێمانى.
28. المدور: هبة عبدالعزيز،(2009م)، الحماية فى التعذيب فى إطار الإتفاقيات الدولية والاقليمية، منشورات الحلبى الحقوقية، بيروت، ط1.
29. مظلوم: محمد جمال ،(2014م)، الأمن غير التقليدى ، مطبعة الاكاديميون للنشر والتوزيع عمان – ط1 .
30. المعجم الوسيط: (1993م)، معجم اللغة العربية – تحقيق ابراهيم مصطفى – القاهرة.
31. ئاكرەيى: نجدت صبرى،(2004م) ، الإطار القانونى للأمن القومى ، مطبعة زانكۆى سەلاحەدين، هەولێر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

32. یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان:
33. اتفاقية باريس(1972م)، إتفاقية لحماية التراث العالمى الثقافى والطبيعى ، أقرها المؤتمر العام فى دورته السابعة عشرة فى 16 تشرين الپانى / نوفمبر – باريس.
34. اتفاقية لحماية التراث العالمى الثقافى والطبيعى: 16 تشرينى الثانى / نوفمبر 1972.
35. جلسة رقم 4385 اتخاذ قرار مجلس الامن برقم 1373 فى 28- ايلول- 2001)
36. الدستور (2010م)، دستور جمهورية العراق(2005م)، ملحق به قرار الاصلاح السياسى للمرحلة القادمة رقم 44 لسنة 2008م، مطبعة مكتبة القانونية بغداد – شارع المتنبى.
37. قانون الاثار العراقى رقم 55 لعام 2002 وتم تعديلاته فى 2005.
38. قانون العقوباتى العراقى رقم 111 لعام 1969 وتعديلاته .
39. قانون رقم 31 لسنة 1988 المنظم لقطاع الاثار الاردنى،
40. المادة (1) من قانون حماية الآثار والتراث العراقي لسنة 2002-
41. المادة (1) من قانوني حماية الآثار المصري ذي الرقم 117 لسنة 1983
42. ماده 26 من قانون العراقى" قانون استملاك رقم 112 لسنة 1981 المعدل"
43. اليونسكو: (1985م) ، بحوث ومناقشات ندوة تكنولوجيا تنمية المجتمع العربى فى ضوء الهوية والتراث ، المركز الاقليمى للعربى للبحوث والتوثيق فى العلوم الاجتماعية ، دار نافع للطباعة والنشر، القاهرة.

1. Marston Fitch, J 1998: Historic pre servation curatoral management of the built word, University press of Verginia Charlottesville & London.
2. Unesco: 1970: Convention on the means of prohibiting and illict of oener ship of a cultural propet.
3. Unisco; 1984, The protedion of moveble cultural property , Paris .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The Role of the Kurdistan Regional Council in The Preserving Archaeology According to Law No.55 Of 2002

**Aras Ismail Khider**
Department of Archeology, College of Arts, Sallahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
aras.khider@su.edu.krd

***Keywords:*** *Law, Archaeology, Habits, Security Council, Justice.*

## Abstract

Defining the components of cultural heritage as (movable and immovable property) means that this concept is limited to tangible objects only. But you ask, what is the extent of this concept, is it absolute to include all material things, or has the legislator defined it in specific areas? He noted that national laws revolve around two basic directions in this regard, namely: the flexible approach, which originally uses general terms based on the element of importance or seniority, which allow describing these assets, without the need to specify the scope of these organisms, that this method allows broadening the scope of Heritage to include elements of natural heritage also according to aesthetic, scientific and touristic expressions. The second approach is very narrow due to the use of specific terms that limit its scope. These terms deal with some human activities, especially those related to construction, production, and writing ... As for the Iraqi legislature, it has also adopted the narrow approach in the antiquities laws of 1924 and 1936, and the restriction of the scope of effects on human activity only, which is represented by matters related to construction and drafting. And inscriptions and monuments, a trend that was characterized by shortcomings and contradicts archeology itself, as this science does not only study human output, but rather aims to study everything related to the past time. . Security, antiquities and civilization are carried to protection at the international level. There are many treaties from different countries to protect the antiquities of their own civilizations, but with great regret, Kurdistan is currently considered a region and not a state to participate in these treaties. Despite this, we have to search for alternatives by communicating with international organizations to protect the remaining traces of

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Kurdish civilization. But in the Antiquities and Heritage Law No. 55 of 2002, the legislator tried to expand this framework by adding additional sentences to the definition of antiquities, and this was done by adding two other fields besides the effects of human activity. The first area includes human skeletons. The second field includes the structures or remains of animals and plants because the study of human heritage is not complete without knowing the way people lived in those ages and what are the plant and animal organisms that he used to deal with. It should be noted that this field is considered, in the first place, as an element of the natural heritage, but it is limited to the past.

---------------------------------------------------------------

**ملخص:**

ان تعريف مكونات التراث الثقافي بوصفها (ممتلكات المنقولة وغير المنقولة) يعني أن هذا المفهوم يقتصر على الأشياء المادية فقط. ولكن تسال ما هو مدى هذا المفهوم، هل هو مطلق ليشمل جميع الأشياء المادية، أو أن المشرع حدده بمجالات معينة؟ ولاحظ أن القوانين الوطنية تدور حول اتجاهين أساسيين في هذا الخصوص وهما: النهج المرن، الذي يستخدم في الاصل عبارات عامة مبنية على عنصر ألاهمية أو الأقدمية، التي تسمح بوصف هذه الأصول، من دون الحاجة إلى تحديد نطاق هذه الكائنات، أن هذا الأسلوب يتيح توسيع نطاق التراث ليشمل عناصر التراث الطبيعي أيضا بموجب التعبيرات الجمالية والعلمية والسياحية.النهج الثاني جدا ضيق بسبب استخدام مصطلحات محددة تؤدي إلى الحد من نطاقه. هذه المصطلحات تعالج بعض الأنشطة البشرية، ولا سيما تلك المتصلة بالبناء والإنتاج، والكتابة ...اما بالنسبة الى المشرع العراقي، فقد اعتمد أيضا النهج الضيق في قوانين الآثار لعام 1924 و 1936، وتقييد نطاق الاثار على النشاط البشري فقط والتي تتمثل بالأمور المتعلقة بالتشييد والصياغة والنقوش والنصب، وهو اتجاه كان يتسم بالقصور ويتناقض مع علم الآثار نفسه، حيث أن هذا العلم لا يدرس فقط النتاج الإنساني، وإنما يهدف إلى دراسة كل ما له علاقة بالزمن الماضي المجلس الأمن والآثار والحضارة تتم إلى الحماية على الصعيد الدولي. وهناك العديد من المعاهدات من مختلف البلدان لحماية اثار الحضارات الخاصة بها ،لكن مع شديد الاسف كوردستان حاليا تعتبر اقليما و ليست دولة لكي تشارك في هذه المعاهدات . على الرغم من هذا علينا البحث عن بدائل عن طريق التواصل مع المنظمات الدولية لحماية ما تبقى من اثار الحضارة الكوردية. لكن في قانون الآثار والتراث رقم 55 لسنة 2002، حاول المشرع توسيع هذا الإطار وذلك بإضافة جمل إضافية الى تعريف الاثار، وقد تم ذلك من خلال إضافة اثنين من الميادين الأخرى الى جانب آثار النشاط البشري. المجال الأول يشمل الهياكل العظمية البشرية. المجال الثاني يشمل الهياكل او بقايا الحيوانات والنباتات لأن دراسة التراث الإنساني لا تكتمل إلا بالتعرف على طريقة معيشة الإنسان في تلك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

العصور وما هي الكائنات النباتية والحيوانية التي كان يتعامل معها. وهذه الميزة يمكن أن تذكر صراحة أو ضمنا في القانون. أما فيما يتعلق بالمواقع التاريخية، فالقانون اشار الى وجود معيار الأقدمية، لكن بطريقة ضمنية من خلال استخدام مصطلحات تشير الى الماضي. هذا مذكور في المادة 4 فقرة 9 من القانون الذي يعرف المواقع التاريخية بأنها (تلك المواقع التي كانت مسرحا لحدث تاريخي مهم أو له أهمية تاريخية...) . هكذا فأن مفاهيم (الحدث التاريخي، أهمية التاريخية) تشير بوضوح إلى اعتماد عنصر الامن الأقدمية ضمنا ودون الحاجة لتحديد فترة محددة و كل ما سبق سواء ان كان تهديدا من الطبيعة او من فعل البشر ادى الى تلاشي ابعاد الهوية القومية. اما بالنسبة إلى المؤسسات و الدوائر الامنية تعتبر جسرا معتمدا لحماية الاثار و التراث القومي، و لكن في العديد من الاحيان و بسبب عدم توعية المواطنين و تنفيذ خطة عمل مجلس الامن الكوردستاني يزداد انعدام الاحساس بالمسؤولية من قبل المواطن، ،و لمعالجة هذه المعضلة يجب ان يزداد الاهتمام بالقضايا الكردية القومية الجزرية و توعية الافراد بكيفية التعامل معها في سبيل بناء الشخصية ذات قيم القومية على مانجد في نواة القومية. وكذلك المواطن مسؤول من بداية ولادته الى اخر مراحل حياته.